# حوکمی کاری پارێزەران ( المحاماة )

[ کردي – کوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی**: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ حكم العمل في مهنة المحاماة ﴾

« باللغة الكردية »

فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# حوکمی کاری پارێزەران ( المحاماة )

ئەم پرسـیارە ئاڕاسـتەی شـیخ صالّح الفوزان کرا (خوا بیپارێزیت) ئەمەش دەقی پرسـیارەکەیە:

**پرسیار :** ئایا ڕای فەزیلّەتی شـێخ چیە سـەبارەت بە کاری پارێزەری ( محاماة ) لەو ڕووەوە کە هەلّدەسـن بە بەرزکردنەوەی دەعوا لەبەردەم دادگا مەدەنیەکاندا لەپێناو بەرگریکردن لەو قەضیە مەدەنی و بارگانیانەی کە گومانی ڕیبای لێدەکرێت، خوای گەورە بتپارێزێت وەلاممان بدەرەوە .

**وەڵامی شێخ صالح الفوزان (خوا بیپارێزیت) :**

گومانی تێدا نیە بریکاریەتی کردنی کەسانێکی تر لە ناکۆکی و ڕووبەڕوو بونەوە لەبەردەم دادگادا شتێکی ڕێگا پێدراوە وهیچی تێدا نیە، بەڵام بە نسبەت جۆریەتی ئەو ناکۆکی ونیزاعانەی کە بریکاریەتی تێدا دەکات کارەکەی ئەگۆڕێت، ئەگەر هاتوو زانی ئەو کەسە لەسەر هەقە ئەو بریکارێتی وپارێزگاری (محاماة ) کردنەی تەنها بۆ ئەوەیە ڕاستیەکان بگەیەنێت بەو مەرجەی درۆ ودەلەسە وفێڵکردن وتەزویرکردنی تێدا نەبێت وئەو بەڵگانەی کە خاوەنی ئەصڵی قەضیەکە هەیەتی بەباشتر بیانگەینێت ئەوە ئەم کارەی هیچی تێدا نیە و ڕێگری لێ نەکراوە .

بەڵام ئەگەر هاتوو ناکۆکی و ڕووبەڕوو بوونەوەیەك کە لەسەر ناهەق و باطل بووە، ئەوە بەهیچ شێوەیەك دروست نیە مرۆڤ کاری پارێزەری تێدا بکات وونزیکی بکەوێتەوە، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : {وَلَا

تَكُنْ لِلْخَائِنِينَ خَصِيمًا } {النساء : 105} واته : بۆ ناپاکان مەبە بە پارێزەر و داواچی.

هەمووومان دەزانین ئەگەر هاتوو قەضیەیەك قەضیەیەکی هەق وڕاست بێت وهیچ شتێکی لە د رۆ و ناهەقی تەزویر تێدا نەبێت ئەمە کارێکە وهیچی تێدا نییە، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو خاوەن هەق کەسێکی لاواز وبێ دەم وپل بوو نەیدەتوانی خۆی بەرگری لە مافەکەی خۆی بکات و دەعوا بۆ قەضیەکەی بەرز بکاتەوە، جا لەم کاتەدا ئەگەر کەسێکی بەهێزتر و بەدەم وپلتر لەخۆی دیاری بکات کە بریکارێتی بکات ئەوە لەشەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا ڕێگا پێدراوە و جائیزە، وەك خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویەتی : {فَإِنْ كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ أَنْ يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ} {البقرة : 282} واته : ئەگەر قەرزارەکە هەڵەشە و نەزان و کەم ئاوەز بوو؛ وەیان لە روانگەی

ئەقڵەوە بێ هێزو لاواز بوو (مناڵ بوو، یا بەساڵا چوبوو) وەیان نەیدەتوانی ئەوی پێویستە بیڵێ و بنوسرێ؛ (کەڕولاڵ بوو) یان نەخوێندەوار بوو، با چاودێرو سەرپەرشتکارەکەی بە داداگەرانە سەنەدەکە داڕێژێ و. نووسەرەکەیش بینووسێ.

جا کەوا بوو بریکاریەتی لەبری کەسێکی لاواز بۆ سەندنەوەی هەقەکەی یان بۆ لابردنی ستەم وزوڵم لەسەر ئەوە کارێکی باش وچاکە .

بەڵام ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بوو، بەوەی یارمەتی کەسێکی ناهەق و باطلی تێدا بوو، یان بەرگری کردنی کەسێکی ستەمکار بوو بە کۆمەڵە بەڵگەیەکی دۆر و تەزویر و ئەو کەسەشی بریکارێتی و پارێزەریەتیەکە دەکات ئەوەی دەزانی، یان هەر دەیزانی قەضیەکە لەبنەماوە پوچ وبەتاڵە، وەك بریکاریەتی و پارێزەری کردن لەمامەڵەیەکدا کە ڕیبا و سوودی تێدا بیت ئەوە دروست

نییە، بۆیە دروست نییە بۆ موسڵمان بریکارێتی و پارێزەریەتی لەکارێکی بەتاڵ و پڕوپوچدا بکات تێدا بکات، لەبەر ئەوەی لەم کاتەدا کەسی پارێزەر دەبێت بەیارمەتیدەر وهاوکاری کەسێك لەسەر شتێکی ناهەق و نارەوا .

خوای گەورەش زانا وشارەزاترە .

سەرچاوە : المنتقى من فتاوى فضیلة الشیخ صالح بن فوزان بن عبد اللّٰه الفوزان، بەرگی دووەم/لاپەڕە 411.